# وانەی ٩٤: چاوپێداخشانەوە ٢: ئیبراهیم، ڕاستودرووست بە باوەڕ

پەیدابوون ٦–٢٢

با بەردەوام دەبین لە چاو پێداخشانەوەمان لە پەیامی پێغەمبەرانی خودا. پەیامی پێغەمبەران چیرۆکێکە... چیرۆکی خودایە... چیرۆکی دڵڕفێنی خودا دەربارەی ئەوەی چی کردووە بۆ گەڕان و ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم کەوا لەناو گوناہ بزر بوونە. بەکورتی، پەیامی پێغەمبەرانی خودا ئەو مزگێنیە خۆشەیە دەربارەی چۆن خەڵکی ناڕاستودرووست دەتوانن ببن بەڕاستودرووست بەرامبەر خودا. چاوپێداخشانەوەی ئەمڕۆمان بەناوی: ڕاستودرووست بەباوەڕە.

وەك هەموو چیرۆکێك، ئەو چیرۆکەی لە پەرتوکی خودا هەیە سەرەتا و کۆتایی هەیە. لە دیراسەتی ڕابردووماندا، چاومان خشاندە بەسەرەتای چیرۆکەکە و بینیمان چۆن یەکەم کەس، ئادەم، هەڵیبژارد شوێنی شەیتان بکەوێ، دوژمنی خودا. تاقە گوناهەکەی ئادەم وای کرد هەموو نەوەکانی لەناو گوناهدا لەدایك بن، لەسەر ڕێگای دۆزەخ. هەندێ کەس هەوڵ دەدەن نکۆڵی لەم شتە بکەن و دەڵێن: (گوناهەکەی ئادەم کێشەی خۆی بوو! کار لە ئێمە ناکات!) بەڵام ئەو کەسانەی وا دەڵێن نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران پشت گوێ دەخەن کە ڕایدەگەیێنێ: لەبەر ئەمە، چۆن بەهۆی مرۆڤێک گوناہ هاتە جیهان، بەهۆی گوناهیش مردن، بەم شێوەیە مردن هەموو خەڵکی گرتەوە، لەبەر ئەوەی هەموو گوناهیان کرد! (ڕۆما ٥: ١٢)

پەندی پێشینان دەڵێ: (دەرد و بەڵا بۆ هەموو لایەك بڵاو دەبێتەوە!) بەهەمان شێوە، ئەو نەفرەتەی گوناهی ئادەم لای ئەو بەتەنها ڕانەوەستا، بەڵکو بۆ هەموومان بڵاو بووەوە، وەك نەخۆشییەکی درم. گوناهەکەی یەکەمی ئادەم هۆی ئەوەیە کە هەموو مرۆڤـ بە سرووشتێکی گوناهبارەوە لە دایك دەبن. (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێ) بە هەمان شێوە، ئێمە هەمووman ئەو خەسلەتەی باپیرەگەورەمان ئادەم بۆماوەتەوە. ئەوەی بەتەواوی بێ گومانە کە ئەو سرووشتە گوناهبارەی لە ئێمەدایە تاهەتا مەحکومەمان دەکات — مەگەر خودا خۆی چارەسەرێکمان بۆ دابین بکات. موژدەکە ئەوەیە پەروەردگار خودا چارەسەرێکی بۆمان دابین کرد. وەك لە تەورات خوێندمانەوە، لە هەمان ڕۆژی وا ئادەم و حەوا گوناهیان کرد، خودا بە بەزەیی خۆی بەڵێنێکی دا. بەڵێنی دا ڕزگاری دەرێکی ڕاستودروست بنێرێتە سەر زەوی کەوا لە پاکیزەیەك لەدایك دەبێت. ئەم ڕزگاری دەرە خوێنی خۆی دەڕێژێ وەك قوربانی کەوا قەردی گوناهەکانی نەوەکانی ئادەم دەداتەوە.

لە دیراسەتمان لە پەرتوکی ئینجیل، بینیمان کە کاتی دیاری کراوی خودا هات، خودا ئەو کەسەی ناردە خوارەوە کە بەڵێنی دابوو. ئەم ڕزگاری دەرە کێیە کە خودا بەڵێنی دا؟ ئەو ئەو پیاوە ڕاستودروستە تەواوەیە، عیسای مەسیح. با بزانین چۆن ووشەی خودا جیاوازییەکانی نێوان ئادەمی وا گوناهی کرد و نێوان مەسیحی وا بێ گوناہ بوو پشان دەدات. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: چونکە ئەگەر بە گوناهی کەسێک مردن بەهۆی ئەو کەسە حوکمڕانی کرد، ئیتر چەند زیاتر ئەوانەی پڕی نیعمەت و دیاری ڕاستودروستی وەردەگرن، لە ژیاندا حوکمڕانی دەکەن بە کەسێک کە عیسای مەسیحە. کەواتە وەک چۆن بە یەک گوناہ تاوانبارکردن بۆ هەموو مرۆڤ هاتە کایەوە، بە هەمان شێوە بە کارێکی ڕاستودروست بێتاوانکردن هاتە کایەوە کە ژیان بۆ هەموو مرۆڤ دەهێنێت. چونکە چۆن بە یاخیبوونی کەسێک زۆر کەس گوناهبار کران، بە هەمان شێوە بە گوێڕایەڵی کەسێک زۆر کەس بێتاوان دەکرێن.
(ڕۆما ٥: ١٧–١٩) نووسراوی پیرۆز ئاوا دەفەرموێ سەبارەت بەو کەسانەی لە ئادەمدان و ئەو کەسانەی لە عیسای مەسیحدان.

هەمووman وەك ئادەم لە دایك بووین. بەڵام خودا بانگی نەوەکانی ئادەم دەکات بۆ ئەوەی دووبارە لە دڵیانەوە لە دایك ببنەوە، بۆ ئەوەی لێکچوونمان لەگەڵ ئادەم فڕێ بدەین و لێکچوونی مەسیح لەبەر بکەین! ئەم شتە چۆن دەبێ؟ تەنها بە باوەڕ دەبێت! نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ ئەگەر بە دڵتەوە باوەڕ بێنی کە پەروەردگار عیسای مەسیح سزای گوناهتی داوە، خودا وادەکات دووبارە

لەدایك ببی بە پاککردنەوەی دڵت و نوێت دەکاتەوە بە هێزی ڕۆحی پیرۆزی خۆی. دەبیت بە بوونەوەرێکی نوێ لە عیسادا، چی دی بۆ خۆت ناژی بەڵکو بۆ ئەو کەوا مرد و هەڵسایەوە بۆ تۆ.

ئێستاش با بگەڕێینەوە تەورات و بەردەوام بین لە چاو پێداخشانەوەکەمان بە بیرهاتنەوەی چۆن خودا بەردەوام بوو لە پلانەکەی بۆ ناردنی ڕزگاری دەرەکە بۆناو جیهان. لە وانەکانمان کە بە پێی کاتی ڕوودانە هابیل و قابیلمان بینی کە یەکەم دوو کوڕی ئادەمن. هابیل باوەڕی بە بەڵێنی خودا هێنا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە، ئەوەی کە دێت و خوێنی خۆی دەڕێژێ وەك قوربانی، بەڵام قابیل باوەڕی پێ نەهێنا. خودا بانگی قابیلی کرد تاکو تۆبە بکات و دان بنا، بەڵام قابیل توڕە بوو و هابیلی برای بچووکی کوشت.

لەپاش ئەوە بینیمان کە زۆربەی نەوەکانی ئادەم بە دوای شوێن پێی قابیل کەوتن، بە خۆشییان دەدیت لە ئەنجامدانی گوناه، لەبەر ئەوە کاتێ گەیشتینە زەمانی نوح، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: پەروەردگار بینی کە خراپەکاری مرۆڤ لەسەر زەوی زۆر بووە، هەروەها هەموو بیر و بۆچوونەکانی دڵیشی بە درێژایی ڕۆژ تەنها لەلای خراپەیە. (پەیدابوون ٦: ٥) بینیمان چۆن خودا نیازی وێران کردنی نەوەکانی ئادەم دانا بە لافاوێك. لەو چەرخە گەندەڵ و خراپەدا، نوح تاکە کەس بوو کە باوەڕی بە بەڵێنی خودا هەبوو سەبارەت بە ڕزگاری دەری هاتوو. لەدەرئەنجامدا، خودا فەرمانی بە نوح دا کەشتییەکی گەورە درووست بکات کەوا دەبێت پەناگەیەك بۆ خێزانەکەی و زۆر لە ئاژەڵان. بۆ سەد ساڵ خودا ئارامی گرت لەسەر گوناهباران کاتێ نوح کەشتییەکەی درووست دەکرد. بەڵام، کەس تۆبەی نەکرد و باوەڕی بەووشەی خودا نەهێنا جگە لە نوح و خێزانەکەی. بۆیە لە کۆتاییدا، خودا کە دڵسۆزە بەرامبەر بەڵێنەکەی، هەموو ئەوەی بەڵێنی دا جێ بە جێی کرد، و هەموو ئەو کەسانەی ڕەتیان کردەوە بچنە ناو کەشتی پەناگە کەوا بۆیان دابین کردبوو سڕییەوە لەسەر زەوی.

لەپاش ئەوە بینیمان نەوەکانی نوح لە کۆتاییدا ووشەی خودایان لەبیر کرد، لەبەر ئەوەی ئەوانیش نەوەی ئادەمن و بە سرووشت گوناهبارن. پاشان دەربارەی تاوەری بابلمان خوێندەوە و چۆن خەڵکی هەوڵیان دا خەڵك جیهان خڕ بکەنەوە لەیەك شوێن و شارێکی مەزن و تاوەرێکی بڵند لە یاخی بووندا بنیات بنەن. بەڵام خودا دادوەریانی کرد بە شێواندنی زمانیان و پەرت و بڵاوکردنیان لەسەر ڕووی زەوی.

پاشان، هاتینە لای چیرۆکی سەرسوڕهێنەری پێغەمبەر ئیبراهیم. بەڕاستی ئیبراهیم شوێنێکی زۆر گرنگی هەبوو لە پلانی خودا بۆ ڕزگار کردنی نەوەکانی ئادەم لە دەسەڵاتی گوناه. باوکی ئیبراهیم بت پەرست بوو، و ئیبراهیم خۆشی گوناهبار بوو، وەك هەموو نەوەکانی ئادەم. بەڵام بینیمان کە خودا، بە دارشتنە دڵڕفێنەکەی خۆی، بۆ ئیبراهیم بە دەرکەوت و فەرمانی پێ دا لە ماڵی باوکی دەر بچێت و وڵاتی خۆی بەجێ بێڵێ. خودا پلانی دانا نەتەوەیەکی نوێ لە ئیبراهیم درووست بکات، کەوا ڕزگاری دەرەکەی لێوە بێتە جیهانەوە. ئەمە ئەوە بوو کە لە تەورات خوێندمانەوە، لە بەشی دوازدەی سیپارەی پەیدابوون، کاتێ خودا بانگی ئیبراهیمی کرد و پێی فەرموو، (خاک و کەسوکار و ماڵی باوکت بەجێبهێڵە و بڕۆ بۆ ئەو خاکەی پیشانت دەدەم. (جا دەتکەم بە نەتەوەیەکی مەزن و بەرەکەتدارت دەکەم و ناوت مەزن دەکەم و دەبیتە بەرەکەت. ئەوانەی داوای بەرەکەتت بۆ دەکەن بەرەکەتداریان دەکەم و نەفرەتیش لە نەفرەتکارانت دەکەم. هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بەهۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.) (پەیدابوون ١٢: ١-٣)

بۆچی خودا فەرمانی بە ئیبراهیم دا بڕواتە خاکێکی تر؟ خودا ویستی نەتەوەیەکی نوێی لێ درووست بکات. ئەی بۆچی خودا ویستی نەتەوەیەکی نوێ لە ئیبراهیم درووست بکات؟ خودا پلانی دانا لەڕێگای ئەو نەتەوەیە پێغەمبەران هەڵسێنێتەوە کەوا نووسراوە پیرۆزەکان دەنووسنەوە و لە هەمان ئەو نەتەوەیە خودا پلانی دانا ڕزگاری دەرەکە بنێرێتە جیهانەوە. بۆیە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دا و فەرمووی، (بەرەکەتدارت دەکەم... هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بەهۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن.)

ئایا خودا بەڵێنەکەی جێ بە جێ کرد بۆ ئیبراهیم؟ بەڵێ جێ بە جێی کرد! کە ئیبراهیم تەمەنی سەد ساڵ بوو، و سارای خێزانی

تەمەنی نەوەت ساڵ بوو، خودا کوڕێکی پێیان دا بە ناوی ئیسحاق، هەر وەك بەڵێنی دا. ئیسحاقیش کوڕێکی هەبوو بە ناوی یاقوب، ئەوەی دوازدە کوڕەکەی هەبوو و گەلی ئیسرائیلیان پێك هێنا. ئەوانەی نووسراوە پیرۆزەکان دەناسن دەزانن کە لە ڕێگای نەتەوەی ئیسرائیل بوو ڕزگاری دەرەکە هات چونکە مەریەم (دایکی عیسا) و یوسف (باوکی بەتەبەنای عیسا) هەردوکیان نەوەی ئیبراهیم بوون. بۆیە، یەکەم ئایەت لە ئینجیل دەفەرموێ: **ڕەچەڵەکی عیسای مەسیح، کوڕی داود کوڕی ئیبراهیم.** (مەتا ١:١) سەبارەت بە نەسەبی زەمینی — عیسای مەسیح لە نەوەی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوبە. بەلام سەبارەت بە ڕۆحی پیرۆزی — کوڕی باڵادەستترینە، خودی ووشەی خودایە کەوا لە ئاسمانەوە هات تاکو لەسەر زەوی لەدایك ببێت.

بەڵام با بگەڕێینەوە چیرۆکی ئیبراهیم، لەبەر ئەوەی شتێکی تر گرنگ هەیە لەبیرمان بێت دەربارەی ئەو. بینیمان کە ئیبراهیم لەناو گوناهدا لەدایك بوو، وەك هەموو نەوەی ئادەم. بەڵام نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ئەمڕۆ ئیبراهیم لە بەهەشتە، لە حزووری خودای پیرۆزە، کە لەوێ دەمێنێتەوە تاهەتا! ئێستا دەپرسین: ئیبراهیم چی کرد بۆ خودا وا لە هەموو گوناهەکانی خۆش بوو و بە ڕاستودرووستی دانا و بەخێرهاتنی کرد بۆ ناو بەهەشت؟ نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ دەربارەی ئەمە؟ دەفەرموێ: **جا ئەبرام باوەڕی بە پەروەردگار هێنا، ئەویش ئەمەی بە ڕاستودروستی بۆ دانا.** (پەیدابوون ١٥: ٦)

ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا — خودی خودا. ئیبراهیم باوەڕی بەوە هێنا کە خودا پێی فەرموو. بۆیە خودا بە ڕاستودرووستی بۆی دانا و بە ڕاستودرووست ژماردی. ئایا باوەڕت بە ووشەی خودا هەیە وەك ئەوەی ئیبراهیم باوەڕی هێنا؟ ئێمە ناپرسین ئایا باوەڕت هەیە خودا بوونی هەیە یاخود خودا تاکە. شەیتانیش دەزانێ خودا بوونی هەیە! ئەوەی خودا لێتی دەوێ باوەڕ بە ووشەی بێنێ سەبارەت بە ڕێگای ڕزگاربوون کەوا ڕایگەیاندووە، وەك چۆن ئیبراهیم باوەڕی پێی کرد! ئیبراهیم پێمان فەرموو دەبێت باوەڕ بەچی بێنین. لەبیرتە ئیبراهیم چی ڕاگەیاند لەسەر چیا کە لەو ڕۆژەی بەرخەکەی کردە قوربانی لە شوێنی کوڕەکەی؟ ووتی کە **(خودا بۆ خۆی بەرخێک بۆ قوربانیسووتاندنەکە دابین دەکات.)** (پەیدابوون ٢٢: ٨) و لەپاش ئەوەی بەرخەکەی سەربڕی، ناوی لەو چیایە نا **(پەروەردگار دابینی دەکات)** (پەیدابوون ٢٢: ١٤) بۆچی ئیبراهیم ناوی لەو چیایە نا **(پەروەردگار دابینی دەکات)** کە خودا بەرخی قوربانی دابین کردبوو؟ ئیبراهیم، وەك پێغەمبەرێك، ئەوەی ڕادەگەیاند کە بەرو ڕوودان بوو. کاتێ ئیبراهیم فەرمووی، **(خوداوەند دابینی دەکات.)** پێش بینی ئەوەی دەکرد کە لەسەر ئەو چیایە ڕوودەدات لەو شوێنەی بەرخەکە شوێنی کوڕەکەی گرتەوە لەسەر قوربانگاکە. تەماشای ئەو ڕۆژەی دەکرد کەوا ڕزگاری دەرەکە خوێنی خۆی دەڕێژێ لەسەر هەمان چیا بۆ ئەوەی هەموو ئەو کەسانە ڕزگار بکات کە باوەڕی پێ دەکەن لە دادوەری ڕاستودرووستی خودا.

لە دیراسەتمان لە ئینجیل، بینیمان کە عیسای مەسیحی هاتە جیهانەوە لەپاش نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە کاتی ئیبراهیمەوە تاکو پێش بینیەکەی ئیبراهیم جێ بە جێ بکات. بەڵێ، لە دەرەوەی ئۆرشەلیم لەسەر ئەو چیایەی ئیبراهیم بەرخەکەی کردە قوربانی لە شوێنی کوڕەکەی خۆی، لەوێ عیسا ڕزگاری دەر خوێنی خۆی ڕشت بۆ ئەوەی نەوەکانی ئادەم ڕزگار بکات. لەبەر ئەوە، لەپاش ئەوەی عیسایان لە خاچ دا و پێش ئەوەی بمرێ، گوێمان لێ بوو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و فەرمووی، **(تەواو بوو!)** ووشەی تەواو بوو بەمانای تەواو کرا دێت. بۆچی عیسا دەفەرموێ (تەواو کرا!)؟ وای فەرموو لەبەر ئەوەی مردنی ئەو لەسەر خاچەکە پلانی ڕزگارکردنی تەواو کرد، کەوا خودا ڕایگەیاند زۆر لەوە پێش لەسەر زاری پێغەمبەرانی. مردنی عیسا هێمای قوربانی ئیبراهیم و هەموو قوربانی ئاژەڵی تەواو کرد و جێ بە جێی کرد!

باوەڕت بەوە هەیە کە عیسای مەسیح خۆی بەرخی تەواوترین و دوایەمین قوربانییە کەوا خودا لە ئاسمانەوە ناردی؟ ئایا باوەڕی وەك باوەڕی ئیبراهیمت هەیە؟ بخوێنەوە ئینجیل چی دەفەرموێ سەبارەت بە باوەڕی ئیبراهیم:

(ڕۆما ٤) **[1] ئیتر چی بڵێین، ئیبراهیمی باوکمان بەگوێرەی جەستە چی پەیداکرد؟ [2] چونکە ئەگەر ئیبراهیم بە کردار بێتاوان بووایە**

شانازی دەکرد، بەڵام نەک لەلای خودا. [٣] چونکە نووسراوەکە چی دەفەرمووێ؟ {ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە
ڕاستودروستی بۆ دانرا.}... [٢٢] لەبەر ئەمە {بە ڕاستودروستی بۆی دانرا.} [٢٣] ئەوەی نووسراوە: {بۆی دانرا} تەنها لە پێناوی ئەو نەبوو،
[٢٤] بەڵکو لە پێناوی ئێمەشە، جا بۆمان بە ڕاستودروستی دادەنرێت، کە باوەڕمان هەیە بەوەی عیسای خوداوەندمانی لەنێو مردووان
هەڵستاندەوە. [٢٥] ئەوەی لە پێناوی گوناهەکانمان بە گرتن درا و لە پێناوی بێتاوانکردنمان هەڵستێندرایەوە. ئامین!

با خوداش بەرەکەتدارت بکات و تێگەیشتنێکی ڕوونت بداتێ لەوەی نووسراوی پیرۆز ڕایدەگەێنێ کە دەفەرمویێ: ئیبراهیم باوەڕی بە خودا هێنا، ئەمەشی بە ڕاستودروستی بۆ دانرا. (ڕۆما ٤: ٣)



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە:

١. ئەم ڕزگاری دەرە کێیە کە خودا بەڵێنی دا؟
٢. بۆچی خودا فەرمانی بە ئیبراهیم دا بڕواتە خاکێکی تر؟
٣. بۆچی خودا ویستی نەتەوەیەکی نوێ لە ئیبراهیم درووست بکات؟
٤. ئایا خودا بەڵێنەکەی جێ بە جێ کرد بۆ ئیبراهیم؟
٥. ئیبراهیم چی کرد بۆ خودا وا لە هەموو گوناهەکانی خۆش بوو و بە ڕاستودرووستی دانا و بەخێرهاتنی کرد بۆ ناو بەهەشت؟ نووسراوی پیرۆز چی دەفەرموێ دەربارەی ئەمە؟
٦. ئایا باوەڕت بە ووشەی خودا هەیە وەك ئەوەی ئیبراهیم باوەڕی هێنا؟
٧. لەبیرتە ئیبراهیم چی ڕاگەیاند لەسەر چیا کە لەو ڕۆژەی بەرخەکەی کردە قوربانی لەباتی کوڕەکەی؟
٨. بۆچی ئیبراهیم ناوی لەو چیایە نا (پەروەردگار دابینی دەکات) کە خودا بەرخی قوربانی دابین کردبوو؟
٩. بۆچی عیسا دەفەرموێ (تەواو کرا!)؟
١٠. باوەڕت بەوە هەیە کە عیسای مەسیح خۆی بەرخی تەواوترین و دوایەمین قوربانییە کەوا خودا لە ئاسمانەوە ناردی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org